# له دایكبوونی سەرکۆمارێك

سەدەی سێزدەم بوو
کاتێ... هۆلاکۆ
بە کوردستانا وەک پەتا ڕەت بوو.
ئەوساش، وەک ئێستا،
سەردەمی تەکیە و دەف و گومبەت بوو.
بەژنی تێریمان هێندەی پنجەنۆک،
منارەئاسا خەم کەڵەگەت بوو.
کە بەغدای ئەنگاوت،
کاتێ میحرابی بۆ هەسپەکەی خۆی کردە تەویلە،
کاتێ قەڵغان و ڕمبی هەڵپەسارد ـ
جادووبازێکی گۆڕستاننشین
هێلکەمارێکی بە دیاری بۆ نارد.
دێڵەگورگێکی هاری هۆلاکۆ
لە کەندڕێکی شێدار و تاردا لەسەری وەرکەوت،
لە سەدەی بیستەم هێلکە ترووکا:
سەری بەدوومی ئەژدەیها دەرکەوت!

١٠/٣/١٩٨٩- تەرابلوس